# بیرەوەریەکانم




هەفتەنامەی **رۆژی گەل** بە خۆشحاڵییەوە بیرەوەریەکانی بەڕێز **مام زرار سلێمان بەگ** دەرگەڵەیەیی بە زنجیرە بڵاو دەکاتەوە.

مام زرار سلێمان دەرگەڵەیی تێکۆشەرێکی دێرینی رێگەی ئازادی و یەکسانیخوازی کوردستانە، لە بەستێنی خەباتی سیاسی دا ناسراوە، بیرەوەریەکان بۆ خۆیان دەدوێن، مێژووی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە دەگێڕنەوە، لاپەڕە شاراوەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشان ئاشکرا دەکەن.

دوای ئەوەی هەموومان بەشی یەکەمی بیرەوەریەکانمان خوێندەوە کە سەربردەی تەمەنی هەرزەیی دەگێڕایەوە، ئێستاش بەشی دووەم دەست پێدەکات، فەرموون با بەیەکەوە درێژە بە خوێندنەوەی بیرەوەریەکان بدەین و سوودی لێوەربگرین

## بەشی دووەم - 3-

### ماڵی شێخ ئەحمەد بۆ بارزان دەگەڕێنەوە

لەبەر رۆشنایی رێکەوتننامەکە لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی 1944 ماڵی **شێخ ئەحمەدی** برا گەورەی مەلا مستەفا گەڕانەوە بارزان، ئازوقەش گەیشتە مێرگەسۆر، دانەوێڵە بەسەر بارزانیەکان دابەش کرا. بە پێی ئەو رێککەوتنە فەوجی ئێمەش لە مێرگەسۆر لە کۆتایی مانگی سێ دا گەڕایەوە رواندز، کاتێک گەیشتینەوە حامیە، بۆ خۆ رێکخستنەوەو پاک و خاوێنی چەند رۆژێک ماوە بە سەربازەکان درا ، لەدواییدا دەست بە مەشقی سەربازی کرایەوە، ئەوەی بەلامەوە زۆر زۆر گران بوو ئەوە بوو دەبوایە هەموو بەیانیان زوو چوار پایەکان بەسەر بخەینە سەر بانی قشلە، لە کۆتایی مەشقدا بۆ ناو قاوشەکان بیانهێنینەوە خوار، لەوێش رێک بکرێنەوە، بەو شێوەیەی دیاریان کردبوو.

بەیانیەک لە گۆڕەپانی مەشق کردن وەستا بووین، ئەفسەری مەشقدەر قسەی بۆ دەکردین، دەربارەی کارو باری سەربازی دەدوا، لەوکاتەدا ئینزیباتێک هات و نامەیەکی دایە دەست ئەفسەرەکە، ئەویش گوتی: (زرار برۆ لەگەڵی بزانە لە قەڵەم چیان ئەوێت). لەگەڵ ئینزیبات رۆیشتم لەرێگە بیرم لەوە دەکردەوە بۆ بەندیخانەم دەبەن؟! ئەمگوت لەوانەیە بمکەنەوە ئینزیبات؟! کاتێک گەیشتینە دەرگەی گەورەی حامیە ئینزیباتەکە بانگی سەرۆکی نۆبەتدارەکانی کرد پێی گوت: "دەرگەی بەندیخانە بکەنەوە" ئەویش دەرگەی کردەوە، هەرئەوکاتە بێ ئەوەی هیچ لە خۆم شک ببەم راپێچی بەندیخانەکرام.

### دادگەی عورفی لە کەرکوک

لە مانگی ئازاری 1944 بەبێ ئەوەی شک بەهیچ شتێک ببەم، بەند کرام. کاتێک خرامە بەندیخانە ئەوانەی ناو بەندیخانە ئەیان پرسی: "لەسەرچی بەند کراوی؟!

وەڵامم ئەوەبوو: خۆشم نازانم لەسەرچی بەند کراوم و بۆچی هێناویانم بۆ ئێرە! رۆژێک لە بەندیخانەی حامیەی رواندز مامەوە، رۆژی دووەم بە هەرجۆرێکی هەبوو فەقێ خدر، کاتبی قەڵەم فەوج توانی بمگاتێ و پێمبڵێ: " ئاگاداربە زۆر خەرابیان لەسەر نووسیویت، نووسینەکە مەترسی بەدواوەیە، ئەگەر بتوانی برۆی هەوڵ بدە پێش ئەوەی بۆ دادگەی کەرکوک بەرێ بکەوی، برۆ"

.فەقێ خدر، خەڵکی گوندی (ئاکۆیان) بوو، برادەرم بوو، پەیوەندی بەماڵی خاڵەکانمەوە هەبوو.

بەندیخانەی سوپا کۆمەڵێک بەندی تێدابوون، هەندێک سەربازی گووندی (گەرۆیان) لە مێرگەسۆر رایان کردبوو، بەلام پێش بگەنەوە گوندەکەیان ملازم حەکیم رواندزی لەسەر جۆخینی بێرۆ) گرتبوونی و راپێچی بەندیخانەی کردبوون، ئەوان لە مێژبوو لەوێ بوون.

بەراستی لەدوای ئەوەی فەقێ خدر پێیراگەیاندم، کەوتمە بیرکردنەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر بۆم هەڵ بکەوێت رابکەم، بەڵام هەڵێکی گونجاوم بۆ نەڕەخسا. بەیانیەک پاسێکی شەق و شڵۆق هاتە بەر دەرگەی حامیە، رەئیس عورەفایەک هات ناوی کۆمەڵێک لەبەندیەکانی خوێندنەوە، ناوی منیشی لەگەڵ دابوو، هەر لەوێ دوو دوو کەلەپچە کراین و بۆ هەولێر بەرێخراین، ئێوارە گەیشتەینە سەربازگەی هەولێر ماوەیەکی زۆر چاوەروان بووین هەتا وەریان گرتین. ئەوەی ئێمەی وەرگرت ئاماژەیەکی بۆ من کردو بە سەرۆکی نۆبەتدارانی گوت: "زۆر ئاگاداری ئەو سەربازە بچکۆلەیە بن!" یەک بەیەکیان بردینە ژووری بەندیخانەکە، بەڵام چ بەندیخانەیەک! لەشێوەی هۆڵی مەڕ تاریک بوو، ئەوەندەی بڵێیت پیس و پەڵۆس بوو، هۆدەیەکی گەورەی چوار گۆشە دوو کۆڵەگەی لەناو دابوون پڕبوو لە سەربازی بەندکراو، جێگە نەبوو، زۆر بەکەساسی لە ژێر کۆڵەگەیێک دانیشتم، لەگەڵ ئاگاداری ئەو مرۆڤەی لێپرسراو زیاتر کەوتمە بیرکردنەوە، بۆ زیاد لەهەموو ئەو بەندیانە ئاگاداری من بن؟! لەگەڵ دڵ تەنگیم سەیری قەندیلەکەم دەکرد دادەگیرساو دوکەڵێکی رەشی لێدەردەچوو، وات دەزانی دووکەڵی شەمەندەفەرە. لەو کاتەدا سەربازێک هات و زۆر بەگەرمی چاک و چۆنی لەگەڵ دا کردم، لەسەرەتادا نەم ناسی، دوایی ناسیمەوە، ئەو سەربازە شێ محەمەدە، دانیشتووی بێشوک. جێگەی خۆیەتی بڵێم ئەو مرۆڤە زیاد لە پێویست رێزی گرتم، بەتانی خۆی بۆهێنام، دواتر چایان بۆ هێنام، دوایی لێی پرسیم بۆچی بەندکراوی؟ گوتم: "وەڵڵا بەخۆشم نازانم بۆچی بەندم! ئەوەی شکە بەخۆم نابە" دوو شەو لەو بەندیخانە پیس پەڵۆسە ماینەوە، ئەوەی جێگەی دڵخۆشیم بوو، تەنیا ئەو شێ محەمەدە بوو، ئەو دوو شەوە وای نەکرد هیچ نیگەران بم و زۆر چاودێری کردم.

رۆژی سێیەم بۆ کەرکوک بەرێکراین، کاتێک لە ئاڵتون کۆپری راوەستاین، ئەوانەی لەگەڵ من بوون کەلەبچەیان لەدەستی کردنەوە تەنیا هی منیان نەکردەوە، هەتا گەیشتینە کەرکوک، لەوێش بردنیانین بۆ بەندیخانەی فرقە، ئەوەی منی نیگەران کردبوو پارەی تاکە جگەرەیەکم پێنەبوو، ئەو رۆژەی گەیشتینە ئەوێ هیچیان پێنەداین، نەخواردن نە رایەخ. زیاد لەپانزە رۆژ لەو بەندیخانەیە ماینەوە بەبێ سەرو پرسیار، هەموو رۆژێک ناوی بەند کراوەکانیان دەخوێندەوە، گوێم دەگرت بەڵکو ناوی منیش دەخوێندرێتەوە، بەڵام بەنا بەدڵی دەگەرامەوە، لەدواییدا وام لێهاتبوو لەشوێنی خۆم هەڵ نەدەستام، رۆژێک منیش بانگ کرام، پێیان گوتم: "خۆت ئامادەبکەو وەرە بەر دەرگە" لە دەرگە نائب عەریف ئینزیباتێک دەستی کەلە پچەکردمء لەگەڵ سەربازێکی چەکدار دامیە پێش خۆیءو هەتا بارەگای فیرقە، لەوێ بەسەر قاتی دووەم کەوتین، لە بەر دەرگە وەستاین، لە دواییدا رۆیشتینە ژورەوە و منیان بردە ناو قەفەس، وەستام، سەیرم کرد کۆمەڵێک ئەفسەر دانیشتبون، لە سەرەتادا ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە گوتی: "دەستت بخەرە سەر ئەو قورئانەو بڵێ بەو قورئانە ئەوەی لێم دەپرسن بەڕاستی وەڵامی دەدەمەوە" منیش دەستم لەسەر قورئانەکە داناو گوتم: "بەو قورئانە، ئەوەی لێم دەپرسن بەڕاستی وەڵامتان دەدەمەوە" ئەفسەر گوتی: "پێمان بڵێ لەو کاتەی لە شەڕی گۆڕە توو بەشەو گەڕایتەوە بۆسەربازگەکە ئەوانەی تۆیان گەیاندەوە نزیک فەوجەکە کێ بوون؟ گوتم: "کەس منی نەگەیاندۆتەوە نزیک فەوج وکەسیش منی نەدیوە، لەوکاتەی گەڕاومەتەوە بۆ فەوج" ئەفسەرەکە گوتی: "باشە تۆ بە ئامرت گوتوە من لێرە کەس ناناسم کەچی شاهید هەیە کەتۆ گوتوتە ماڵی ئێمە لەمێرگەسۆر بووە، چی دەڵێیت؟ گوتم:"بەڵێ وەک زانراوە کاتی سوپای ئینگلیز هاتۆتە رواندز باوکم بەرهەڵستی سوپای ئینگلیزی کردوە لە دواییدا رای کردوە چۆتە لای شێخ ئەحمەدی بارزانی، سوپای هێرش هێنەر ماڵی ئێمەی تاڵان کردوەو ژن و منداڵ بەسەڵتی هەڵاتوون و لە مێرگەسۆر ماونەتەوە تاکو عەفو کراون، ئەوکات گەڕاونەتەوە رواندز" ئەفسەر گوتی: "ئەو راستیەمان پێبڵێ ئەو رۆژەی لە رواندز ملازم محەمەد قودسی تۆی بانگ کرد چی راسپاردیءو چی پێگوتی؟ ئەونامەیەی دای پێت بۆ کام ئەفسەرت برد؟ گوتم:"بەڵێ ملازم محەمەد منی بانگ نەکرد، بەڵکو من خۆم رۆیشتم چاک و چۆنیم لەگەڵ کرد، ئەویش پرسی لەکوێ سەربازی؟، ئەمنیش گوتم: لە مێرگەسۆر، ئینجا ئەو گوتی : "نامەیەک دەنوسم بیبە بیدە بە رەئیس شێخ مەعروف، نامەکەم لێ وەرگرت، کاتێ گەڕامەوە مێرگەسۆر نامەکەم دایە مراسیلی شێخ مەعروف کە ناوی بنیامین بوو، لەوە زیاتر نەبوو.

ئەفسەرەکە گوتی: "وەهاب ئاغای جوندیان دەناسی؟ ئەو پیاوە چ کارەیە لە رواندز؟ گوتم:"بەڵێ وەهاب ئاغا دەناسم، خزممانە، دایکی ئەو پوری باوکمە، بەڵام نازانم چ کارەیە. ئەفسەر گوتی : "کە وابێ تۆش لە کۆمەڵەی هیوای؟! خۆ بەڕاست ناوت لە لیستی ئەوان دایە". گوتم :"کۆمەڵەی هیوا چی یە؟" لەکام دائیرە کار دەکەن؟! بۆ نایان ناسم و ناوی منیان نوسیوە!؟ ئەفسەر لەگەڵ قسەکانی من هەستا سەرپێ و گوتی: "دەتەوێ خۆت گێل بکەیت! ئەگەر راستی نەڵێی بەو دەمانچەیە دەتکوژم" لەگەڵ قسەی بێڕێزیش فەرمانیدا "بیبەنە دەرەوە"، بردمیانە دەرەوە، لەدەرێ هەر دوو دەستیان کەلەپچە کردم و بردمیانەوە بەندیخانە.

رۆژی دوایی دیسان بەهەمان شێوە بردمیانەوە ناو قەفەسی دادگەو دەستیان بە لێپرسینەوە کرد، هەمان ئەفسەر بوو. ئەفسەر گوتی: (وا دیارە لە شەڕی مەزنێ لە رۆژی (1943/11/10) لەگەڵ بوویت، بەڵام خۆت لە شەڕ شاردۆتەوە، لەبەر چی؟ یان ئاگاداربووی رێگرەکان دێنە سەر رێگە؟

وەڵامم دایەوەو: "بەڵێ لە شەڕی مەزنێ لەگەڵ قافڵە بووم، وەک سەربازێکی بێچەک، بۆ بارکردنی ئۆتۆمبیلەکان، کاتێک بوو بە شەڕ ناچار خۆمان دایە پەنایەک، لە دوای وەستانی شەڕ ئۆتۆمبێلەکان ئێمەیان بەجێهێشت و رۆیشتبوون، لەوێ خۆمان بوارد تا تاریک داهات، دواتر بەرێی بادلیان دا بەرەو سەربازگەی رواندز رۆیشتین، لەوێش بە درێژی بەسەر هاتەکەم بۆ ئەفسەری بەر پرسی حامیە روون کردۆتەوە، ئێوە دەتوانن بنێرن بە دوای ئەو روون کردنەوەیەداو سەیری بکەن، ئەگەر وانەبوو ئەوکاتە بزانن راستیم لە ئێوە شاردۆتەوە"

لە دوای ئەو وەڵامەم ئەفسەری پایە بەرزی دادگە رووی تێکردمء گوتی: "وادیارە ناتەوێ راستیمان پێبڵێیت!! ئەوەش مەترسیە بۆ تۆ، ئاگاداربە خۆت توشی مردن مەکە، راستیمان پێبڵێ با لە مردن رزگارت بکەین"

وەلام: "ئەوەی وتومە هەر ئەوەیە، زیاترم لەلا نیە، ناشتوانم زیاتر بڵێم، لەبەر ئەوەی سوێندم خواردوە راستی بڵێم، ئەگەر باوەڕیتان هەبێت هەر ئەوەیە:

هەمان ئەفسەر پرسیەوە: " پێم ناڵێیت ئەونامەیەی ملازم محەمەد دای پێت بۆ شێخ معروفت برد چی تێدا نوسرابوو؟ نووسینەکە دەربارەی چی بوو؟

وەڵامم دایەوەو گوتم :" ئەوەی راستی بێت نەمزانی چی تێدا نوسرابوو، لەبەر ئەوەی نامەکە قایم کرابوو، مافی ئەوەشم نەبوو دەستی لێ بدەم، لەبەر ئەوەی دەست لە ئەمانەت دان تاوانە"

ئەفسەر: "ماوەت پێدەدەین بۆ بیر کردنەوە بەڵکو چاک بیر بکەیتەوە راستیمان پێبڵێی ئەوکاتە ئازاد دەکرێیت!"

دیسان بردمیانەوە بەندیخانەو ماوەیەکی زۆر کەس لێی نەپرسیم، نزیکەی دە دوانزە رۆژ چاوەروان بووم، هیچ نەبوو، تەواو بێزار ببووم، زۆریش پەرپوت بووم، دوایی ئێوارەیەک بە درەنگەوە بانگ کرام، لە دەرگەی بەندیخانە دیار بوو یەک دوو چەکدار وەستا بوون، منیان برد زۆر ترسام، گوتم دیارە بۆ کوشتن دەم بەن، کاتێک لە دەرگەی فرقە چووینە ژوورەوە، بردمیان بۆ لای ئەفسەرێک، ئەو گوتی: "ماوەمان پێدا بووی بیر بکەیتەوە بۆ ئەوەی راستیمان پێبڵێیت بابزانین چی نوێمان پێدەڵێیت؟"

گوتم: "ئەوەی بە ئێوەم گوتوە ئەوە راستیە، لەوە زیاتر هیچی ترم لانیە، ئەگەر باوەڕ بکەن هەر ئەوەیە". گوتی :"ئەوە دوا جارە ئەگەر راستیمان پێنەڵێیت ئەوا ئەو سەربازانە دەتبەن دەتکوژن، خۆت بە کوشتن مەدە، زوو راستیمان پێبڵێ، ئێمە دەزانین پەیوەندیت بە کێوە هەیەو بۆ چیان تۆ کردۆتە سەرباز"

ئەفسەرەکە کەمێک وەستا، دوایی گوتی:"بیبەنەوە" سەربازەکان منیان بردە دەرەوەو نائب عەریفەکە گەڕایەوە لای ئەفسەرەکە، کاتێک هاتەوە منیان دایە پێش خۆیان و بردمیانەوە بۆ بەندیخانە. لە دوای دوو رۆژ بردمیانەوە دادگەو لە ناو قەفەسەکە کەمێک وەستام، ئەفسەرە پایە بەرزەکە هەستاو بڕیارەکەی دادگەی خوێندەوە ،لە دواییدا گوتی: "لە بەر ئەوەی راستیت پێنەگوتین لەگەڵ ئەوەش دادگا روحمی پێکردووی کە گەنجی بڕیار درا پانزە ساڵ بەند بکرێیت، دەبێ ئەوەش بزانی دادگە روحمی پێکردووی ئەگینا تاوانەکەت لەو حوکمە زیاتر دەگرێتەوە"

منیش گوتم: "من تاوانبار نیم و خۆم بەتاوانبار نازانم، کەرازی بم دان بە بڕیاری دادگا بنێم بێگومان بڕیارەکە دوورە لە راستی و دادپەروەری. لەبەر ئەوەی شاهیدێک نییە دانی پێدا بنێت، تەنیا گۆتەیەو هەڵبەستە"

ئەفسەرەکە گوتی: "یانی رازی نیت بەبڕیاری دادگاو مۆری ناکەی، ئەوە بڕیاری دادگای عورفیە"

گوتم: "نەخێر رازی نیمء مۆری ناکەم" هەر ئەو دەمە بردمیانەوە بۆ بەندیخانە، دیاربوو ئەمە دوا جاربوو دادگا کۆتایی هات. رۆژی سێیەم بردمیان بۆ بەندیخانەی کەرکوکی مەدەنی کاتێک گەیشتینە بەر دەرگەی بەندیخانە ئۆتۆمبێلێک راوەستا بوو، پڕکرابوو، بەندیەکان بەرێدەکران، ماوەیەک وەستاین دوایی منیشیان خستە ناو هەمان ئۆتۆمبیل، لەوێ روو لە هەولێر بەرێ کەوتین، ئێوارە درەنگ بوو گەیشتینە هەولێر، بردمیان بۆ بەندیخانە لەوێ راپێچی هۆدەیەکی درێژی پڕ لە بەندی کراین، لە نزیک دەرگە لە شوێنێک دانیشتم سەردەمێک نائاگا دەستم بە پلاکی کارەبا کەوت وایەری رووت بوو، کارەبا لێی دامء کەوتم ،زۆری نەمابوو بمرم. ئێوارەی رۆژی دوایی لەناو حەوشی سەرا بوو بە قرەو هات و هاوار، دوایی زانرا عەونی یوسف کە پارێزەر بوو لەگەڵ بەرێوەبەری پۆلیسەکانی کردبوە کێشە، ئەوکاتە ئەویش لەوێ دەست بەسەر بوو ، بۆ بەیانی کۆمەڵێک بەندیان بە پاسێکی شڕو بێ سەروبەر بەرەو بەندیخانەی موسڵ بەرێیان کردین.

**ماویەتی**

# دەروون دونیا

## سیستەمی نوێی خوێندن و دوا ڕۆژی نەتەوە

ئاشکرایە کە ژیان و گوزەرانی سەرجەم خەڵکی کوردستان ، بە خاک و نیشتیمانەکەیەوە، ساڵانێکی دوور و درێژ لە ژێر سیستەمێکی نامرۆڤایەتی و نا یەکسانیدا خراپترین رەوشی ژیانیان دەگوزەراند ،بە شێوەیەک کە هەموو بنەماکانی بونی نەتەوەی کەوتبونە بە شاڵساوی لەناوچون و سڕینەوە ،سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بەرە و تەنگژەیەکی واچو بوو لە کوردستان کە زۆر کەس بە ئێستاشەوە گومانی ئەوە دەکەن کە بەتەواوەتی چاک بێت و مۆری نەتەوایەتی و نیشتیمانی دوور لە کاری حیزبی و ناوچەگەرایەتی وەرگرێ .بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێرە و لەوێ خەڵکی پسپۆر و بە توانا کە بەڕاستی بیری لای خزمەتکردنی گەل و نیشتیمانەکەیەتی هەڵدەکەوێ و بە راوێژکاری و گفتوگۆ بنەمایەکی نوێ بۆ سیستەمی پەروەردە و فێرکردن دادەنێت . کەچی لەبەرئەوەی پشتیوانێکی ئەوتۆی نییە لەناو دەسەڵاتی حیزبی و حکومیدا، پرۆژەکەی هەر بە زیندوی زیندە چاڵ دەکرێت ، یان بە شەلی دەیخەنە بواری کارکردنەوە ....لە دنیادا کەسێک نییە ڕقی لە کەسەیەتی خۆی بێتەوە و هەوڵی شکاندنی خۆی بدات، تەنانەت ئەوانەی کە شێتن، یان توشی نەخۆشی دەرونی بونە پێیان ناخۆشە کەسێک گاڵتەی پێ بکات یان بیشکێنێ ،... ڕژێمی بەعس ئەگەر چی ڕژێمێکی دکتاتۆری بوو لە پیادەکردنی سیاسەتەکانی دا ، بەڵام بۆ ئەوانەی گوێ رایەڵی دەسەڵاتەکەی بوون باشترین پشت و پەنابوو کەسێک نەبوو بوێری ئەوە بکات کە خیانەت لە فەرمانگەکەی خۆی بکات ، لەروی دەوامی ڕۆژانەو، مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتیانداو، یاخود ئەو بوجەیەی بۆی داندراوە، یەو یاسایانە پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکاری گرتبۆوە . ڕاستە خوێندکار سەرکوت کرابوو ، بەڵام لەلایەکی ترەوە قازانجی گەورەتری دەکرد ، مامۆستا کەمترین کات بە فیرۆ نادات ، باشترین زانیاری دەگەیاند پێی ،ڕەنگە ئەوە لەترسی لێپرسینەوە بوبێت بەڵام لەروی زانستیەوە لەوانەیە سودی زۆری بووە،...ئێستا لەدوای نەمانی یەو هەموو کۆت و زنزیر وزەبروزەنگە دوای ئەوەی کە چەندان ساڵە پسپۆرە پەروەردەیەکانی کوردستان لە هەوڵی دانانی سیستەمێکی نوێی فێرکاری و پەروەردەیین لە سایەی دەسەڵاتی دیموکراتیدا بۆ رێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان مامۆستا و فێرخوازدا ئینجا تواندراوە سەرەتایەک لەو بەرنامەیە ئاشکرا بکەن و بیخەنە ناو پرۆسەکەوە.. وەلی بە داخەوە چونکە لە کوردستاندا زۆربەی کارەکان نادیموکرات و نایەکسانی یە سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە و سیستەمە نوێیەش زۆر گران و ئەستەمە ،چونکە ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی دوور لە هەموو چەوسانەوەیەکی مرۆڤایەتی ،ئابوری،رۆشنبیری،یاسا دیموکراتیەکان جێ بە جێ نەکاو دیموکراتی نەبێ ئەوا ئەو مرۆڤانەشی کە سیستەمەکە بەرێوە دەبەن ئەو مرۆڤانەشی کە لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا دێنە پێشەوە و دروست دەبن هەر وەک ئەوانە دەردەچن و ئیتر بەو شێوەیە نەوە لە دوای نەوە وا دەڕوات،. بۆیە یەرکی هەنوکەیی و لە پێشینەش دەسەڵاتی سیاسی لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەوەیە جارێ با خۆیان چاک فێری پەروەردەی دیموکراتی بکەن ئینجا یاساکان شۆر بکەنەوە بۆ خوارێ . ئەگەر دەسەڵات قبوڵی ڕەخنەی خوارەوە نەبێ و گوێی لێ نەگرێت ، یاخود لێی تورەبێ و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات ، ئەی مامۆستای قور بەسەر چی بکات بەرامبەر کوڕە بەرپرسێکی سالار ، ئەی دوارۆژی نەتەوەکەی بە گشتی چۆن دەبێت و جی بەسەر دێ.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com